٣٠ نیسان ٢٠٢٠
Sorani

iACT
facts. action. impact.

# نوێژکردن و پرسەدانان و کۆبونەوە کۆمەڵایەتیەکان لەکاتی ڤایرۆسی کۆرۆنای 19 دا

ڤایرۆسی کۆرۆنا زۆر بە خێرایی دەگوێزرێتەوە لە ئێستادا جیهان دووچاری پەتایەکی جیهانی بوەتەوە کە کاریگەری لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی خەڵکی دادەنێت بە نوێژکردن و کۆبونەوەی کۆمەڵایەتی و کاتی ژەمەکان بۆ بۆنە گرنگە ئاینیەکان و مەراسیمەکانی ناشتنی مردوو و پرسەدانان بۆ هەموو ئاینەکان.

تۆ شارەزایت لە کۆمەڵگاکەتدا و باشترین دەزانیت کە چۆن لەناوخۆدا گۆڕانکاری دروست بکەیت. ئەمە ڕێبەرییەکە بۆ چارەسەرکردنی نوێژکردن و پرسە و کۆبونەوە کۆمەڵایەتیەکان لەم سەردەمەدا:

- ڕۆژانە مەراسیمێکی کۆمەڵایەتی پێکبێنە بۆ پیشاندانی ئەوەی کە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا بە سەلامەتی بەشداربن تیایدا. بۆ نمونە، لە هەندێک جێگە و کاتی دیاریکراوی ڕۆژدا، خەڵکی پەیامی پێکەوە بوون بە گۆرانی دەچڕن لەکاتێکدا دەنگە دەنگ بە ئامێرەکانی ژەنین دروست دەکەن. ئەمە هەستی کۆمەڵایەتی دروست دەکات تەنانەت ئەگەر نەتوانین بە جەستە لە یەکترەوە نزیک بین.
- ئەگەر تەندروست بیت و هیچ کەس لە ماڵەکەتدا نەخۆش نەبێت، دەتوانیت بەردەوام بیت لە کاری خێرخوازی لەم کاتەدا. دڵنیاببەرەوە لەوەی کە دوو مەتر دووربیت لە هەرکەسێک کە لە ماڵەکەتدا ناژی.
- هەندێک لە ئاینەکان کۆبونەوەی کۆمەڵایەتی و ژەمە خواردنی ئاساییان هەیەوەک ڕۆژوو شکاندن لە مانگی ڕەمەزاندا و ژەمی شەبات (کۆبونەوەیەکی جولەکەکانە بۆ ژەمی ئێوارە). لە ماوەی پەتای جیهانی کۆرۆنادا، ئەم چالاکیانە دەتوانرێت تەنها لەگەڵ ئەو کەسانە بکرێت کە لە ماڵەکەتدایە. کۆبونەوەی کۆمەڵایەتی گەورەتر هاوکار دەبێت بۆ بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە بە کۆمەڵگادا. ئەمە لە هەندێک وڵاتدا ڕوویداوە.
- مەراسیمەکانی ناشتنی مردوو زۆر گرنگن بۆ هەموو کۆمەڵگایەک. لەم کاتەدا، گرنگە بۆ گونجاندنی ئەم مەراسیمانە بۆ ئەوەی ئەندامانی کۆمەڵگاکە سەلامەت و تەندروست بن.
- قسە کردن لەگەڵ ڕابەرە ئاینییەکان و چارەسەرکەرە تەقلیدیەکان لە کۆمەڵگاکەتدا گرنگە بۆ ئەوەی مەراسیمی ئاینی و ناشتنی مردوو بگونجێنین. لەگەڵ پێشەوا ئاینیەکانتان تاوتوێی بکەن:
  - ئەو زانیاریانەی لەبارەی کۆڤید-١٩ەوە دەیزانن. دەتوانی هاوبەشی بە سەرچاوەکانی تری iACT بکەی ئەگەر پێویست بوو.
  - ئێمە چۆن دەتوانین نوێژەکانی ڕۆژانە و هەفتانە بکەین و لە هەمان کاتدا دوو مەتر لەیەکتر دوور بین؟ بەیەکەوە پێشنیار گەڵاڵە بکەن و پرسیار لە یەکتر بکەن چۆن دەتوانن لە هەوڵەکانتاندا پشتگیری یەکتر بکەن.
  - ئێمە چۆن دەتوانین مەڕاسیمی بە خاک سپاردنی هاوڕێی و خێزانەکانمان بەجێ بهێنین بە بێ ئەوەی ببیتە هۆی لە یەک نزیکبوونەوەی خەڵکی بەشداربووی مەڕاسیمەکە؟ ئێمە دەتوانین چ جۆرە ڕێوڕەسمێکی تر ئەنجام بدەین بۆ جێگرتنەوەی ئەم ڕێوڕەسمانە تاکو هەموان پارێزراو بن؟
- ئەگەر لە کۆمەڵگاکەی تۆدا کۆمەڵێک ئاینی جیاواز هەبوون،پێشەوای ئاینی (ڕەسمی و نارەسمی) ئەو ئاینە جیاوازانە کۆبکەوە بۆ تاوتوێ کردنی هاریکاری نێوان ئاینەکان دەربارەی ئەم بڕیارە گرنگانە لە کاتی کۆبوونەوەکە ،لە بیرت بێ کە دوو مەتر لە کەسانی تر دوور بیت وە هەروەها دەمو لووتت بە ماسکێک یان پەڕۆیەک یان ملپێچێک داپۆشی.

پەیامە گرنگەکان لە پێشەوا ئاینیەکانمانەوە لە سەرانسەری دنیا:
"ڕاگرتنی نوێژی جەماعەت لە مزگەوتەکان و هەموو چالاکیە ئاینیەکانی تر ،شتێکی پێویستە لە ژێر ڕۆشنایی شەریعەتدا، وە هەروەها نەک هەر گوناحە نیە ئەگەر وا بکەی"نەچی بۆ نوێژی جەماعەت"بەڵکو ئەوە گوناحە ئەگەر بێتوو ڕەچاوی ئەو یاسایانە نەکەی و مەترسی بخەیە سەر ژیانی خۆت و ئەوانی تریش یەکێک لە ئامانجە سەرەکیەکانی شەریعەت بریتیە لە پاراستنی ژیان ؛وە ئەم قەدەغەیش بریتی نیە لە قەدەغەی نوێژ"کە واجبە لەسەر تاک" بەڵکو قەدەغەی نوێژی جەماعەتە" کە بە ڕای زۆربەی زانایان ،واجب نیە لەسەر تاک ،وە دەتوانرێ بەهۆی زۆر شت هەڵبگیرێ ، لەنێوانیان زەحمەتیەکی کەم" ئەم قەدەغەیە پێویستە بەردەوام بێ تا کاتێک شارەزایانی پزیشکی ڕێنمایی دەدەن کە دەتوانرێ قەدەغەکە هەڵبگیرێ. ئەمە مەسەلەیەکە بۆ شارەزایانی پزیشکی کە هەڵسەنگاندنی بۆ بکەن، نەوەک دەسەڵاتە ئاینیەکان."
- ئەنجومەنی فیققی ئیسلامیی باکوری ئەمریکا

"WCC [ ئەنجومەنی جیهانیی کەنیسەکان] سکرتێری گشتیی بەڕێز دکتۆر ئۆلاڤ فاکس تڤەیت و ڕێکخەری لیژنەی ناوەندیی ڕێکخراوی WCC (ئەنجومەنی جیهانیی کەنیسەکان) دکتۆر ئاگنێس ئابوم داوای لە خەڵک وکەنیسەکان کرد کە گرنگی تەواو بدەن بەوەی "هەرچی پێمان دەکرێت بیکەین بۆ پاراستنی ژیان" داوا لە کەنیسەکان دەکات هیچ خزمەتگوزارییەکی گشتییان نەبێت... چونکە ئەمە دەبێتە چەقی گواستنەوەی ڤایرۆسەکە" وە هەروەها بەتەواوەتی یاساکان و ڕێنمایی بەرپرسان جێبەجێ بکەن بەپێی ڕێنماییەکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی." - ئەنجومەنی جیهانیی کەنیسەکان (WCC)

"دەبێت ئەمەمان لە بیر بێت کە کەس لە ئازار بەدور نیە، وە هەروەها دەبێت دەستمان درێژبکەین بۆ پاراستنی کەسانی ترکە بێماڵ و سەرچاوە یان خێزانن تا بیان پارێزین. ئەم قەیرانە نیشانمان دەدەت کە ئێمە جیا نابینەوە لە یەکتر - تەنانەت کاتێک بە جیاش بژین. لەبەر ئەوە، ئێمە هەموومان ئەو بەرپرسیارێتیەمان لەسەر شانە بۆ بەجێگەیەندنی سۆز و یارمەتی. [...] من لەدڵەوە هیوادارم کە هەمووان سەلامەت و هێمن بن. لەم کاتە پر دڵەڕاوکێیەدا، زۆر گرنگە کە ئێمە هیوا لەدەست نەدەین و باوەڕمان بەخۆمان هەبێت لەگەڵ ئەو هەموو ئەرک و ڕەنجە بەرهەمدارانەدا کە دێنە ئاراوە." - دالای لاما

پەندێکی ئەفریقی هەیە ئەڵێت، " بە پەنجەیەک ئارد هەڵناگیرێت" بۆیە با هەموومان یەک بگرین بۆ ئەوەی ئەم نەخۆشیە تۆقێنەرە و دەرئەنجامە بەدبەختیەکانی پاڵ بدەین و لە وڵاتەکەمان و جیهانی بەدەربنێین [...] [ئەوە] دەرئەنجامەکانی ئازار بەخشن لەسەر تەندروستی، ئابوری کۆمەڵایەتی ، کەلتور، و ئاستەکانی ڕۆح." - کاردیناڵ فلیپ ناکلینتوبا ئۆودراگۆ، سەرۆکی کۆڕبەندی مەتڕانی ئەفریقیا و ماداگاسکار